# چەمکی سەروەری لەنێوان هزری سیاسی ڕۆژئاوا و ئیسلامیدا – توێژینەوەیەکی بەراوردکاری

م.ی. هاوكار سمايل عالی

بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەددین/هەولێر، هەولێر، عێراق

**پوختەی توێژینەوە**

لەگەڵ دەرکەوتن و سەرهەڵدانی چەمکی سەروەری لە هزری سیاسی ڕۆژئاوادا، ئارگومێنت و ڕاجیایی زۆری دەربارەی هەبووە، بەتایبەت لە سەرچاوەکەی، تەنانەت هەندێکجار لە هزری سیاسی ئیسلامیشدا، ئەویش بەهۆی پێگەی ئەو بابەتە لە هەردوو ڕوانگەکەدا، کە بۆتە جێی بایەخی بیرمەندان و زانایان و مشتومڕی زۆر دەربارەی هەبووە، لەم توێژینەوەدا هەوڵدراوە تیۆر و ڕوانگە جیاوازەکان بخرێنە ڕوو بەپێی بەرەوپێشچوونی قۆناغە مێژووییەکانی ئەم چەمکە، بەهۆی ئەو ململانێ هزرییەی باڵی کێشا بوو بەسەر ئەوروپادا، کە گوزارشت بوو لە چارەسەرکردن و یەکلایی کردنەوەی ململانێی نێوان پاشاکان لەلایەک و لەگەڵ پیاوانی ئایینیش لەلایەکی ترەوە هەبوو. هەرچی حاکمیەتە لە ئیسلامدا، بەشێوەیەکی گشتی چەمکێکی تەواو جیاوازە ئەگەر بەراورد بکرێ بە هزری سیاسی ڕۆژئاوا، پایە و بنچینەکەی بۆ دەقەکانی حوکمە شەرعییەکان دەگەڕێتەوە، لەگەڵ دیاریکردنی ڕۆڵ و پێگەی تاك لەو سیستەمەی کە لەسەر ئەو بنەمایە دادەمەزرێ، لە ڕووی مێژوی بەکارهێنان و سەرهەڵدانی حاکمیەت، چەمکێکی نوێیە، بەڵام ڕەگوڕیشە و ماناکەی کۆنترە، جگە لەمانە، لێرەدا هەوڵ دەدرێ بەراوردی نێوان ئەو دوو ڕوانگە جیاوازە بکرێ بۆ چەمکی سەروەری.

ووشە سەرەکییەکان: سەروەری، حاکمیەت، سەرچاوەی سەروەی، هزری سیاسی ڕۆژئاوا، هزری سیاسی ئیسلامی.

## 1. پێشەکی

سەروەری بوار و مەودایەکی فراوانی لە هزری سیاسی ڕۆژئاوا و ئیسلامیدا داگیرکردووە، تا ئێستاش بە زاراوەیەکی گرنگ و کاریگەر دادەنرێ. لە ڕوانگەی یەکەمیاندا چەند تیۆرێك دەربارەی هەن، لەگەڵ دیاریکردنی ئەوەی کە کێ خاوەنیەتی، ئایا بۆ دەوڵەت دەگەڕێتەوە یان بۆ تاك، کەنیسە یاخود ئیمپراتۆر خاوەنیەتی؟ دەوڵەت کە ڕێکخستنێکی سیاسی و یاساییە، خۆی لە یاسادانان و جێبەجێکردنیدا دەبینێتەوە، بەمانایەکی تر خۆی لە سەروەری و دەسەڵاتدا دەبینێتەوە، سەرباری جیاوازی لە ماناکەی بەدرێژایی مێژوو، بەڵام سەروەری مانایەکی ئاشکرا و سەرەکی دەبەخشێ ئەویش بریتییە لە دەسەڵاتی باڵا. هەرچی دووەمیانە، سەروەری لە ئیسلامدا، کە بە حاکمیەت ناسراوە، بە بنەمایەکی بنچینەیی و سەرەکی دادەنرێ، کە سیستەمی سیاسی ئیسلامی لەسەر دادەمەزرێ، ئایا ئەم چەمکە تا چەند نوێیە؟ و کێ خاوەنی حاکمیەتە و سەرچاوەکەی بۆ کێ دەگەڕێتەوە لە دەوڵەتی ئیسلامیدا. لە هەردووکیشیاندا بنەما و پێکهاتەیەکی گرنگی دەوڵەتە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە لە ڕێگای وەڵامدانەوەوی ئەم پرسیارانەی سەرەوە، تیشك بخرێتە سەر چەمکی سەروەری و لە هەردوو ڕوانگەوە ڕوونبکرێتەوە.

### 1-1 کێشەی توێژینەوە:

کێشەی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، بەهۆی ئەوەی چەمکی سەروەری لە هزری سیاسی ڕۆژئاوادا بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، گەرچی لە مانا و چەمکدا جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبێت، بەڵام دەتوانرێ بگوترێ لەهەر قۆناغێکدا تایبەتمەندی جیاوازیان هەیە، هۆکارەکەی بۆ مێژووی ئەو کێشە و ململانێیە دەگەڕێتەوە کە ئەوروپا بەخۆیەوە بینیوە، لەنێوان دەسەڵاتی دینی و دەسەڵاتی دونیایی (سیاسی)، جگە لە بەرەوپێشچوونی ئەو تێگەیشتن و هزرەی کە دەسەڵات بۆ تاکە کەسێکە یا زۆرینە، بە ڕەهایی یاخود نا و چەندانی تر. لەبەرامبەردا، لە مێژووی هزری سیاسی ئیسلامیدا تاڕادەیەک ئەو ململانێیە بوونی نییە، تەنیا دوای ڕوخانی خیلافەتی عوسمانی نەبێت، ئەویش تەنیا

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4 ، العدد 1 (2023)
أُستلم البحث في 23 مارس 2022؛ قُبل في 26 يونيو 2022
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 08 أبريل 2023
البريد الإلكتروني للمؤلف: hawkar.alee@su.edu.krd
حقوق الطبع والنشر ©2023 هاوكار. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

هەوڵدان بووە بۆ دووبارەکردنەوەی ئەو تێگەیشتنەی کە ڕۆژئاوا پێیدا تێپەڕیوە ( ڕەنگە ئەوەش هۆکارێک بێت بۆ سەرهەڵدانی ئەو چەمکە و دیاریکردنی مانا و چوارچێوەکەی)، حاکمیەت چەمکێکی تاڕادەیاێک نوێیە، بەڵام بە مانا و تێگەیشتنی کۆن (کە پەیوەستە بە حوکم و شەریعەتەوە)، گەرچی زۆرینەی بیرماندان و زانایانی ئیسلامی کۆکن لەسەر دیاریکردنی چوارچێوەیەک بۆ ئەو چەمکە و ماناکەی ڕوون بووە لای زۆرینەیان، بەڵام ئەویش بەدەر نەبووە لە بوونی کاریگەری هزری ڕۆژئاوا بەسەریەوە، بەشێوەیەکی سنووردار، بەڵام لێرەدا کێشەیەک بوونی هەبوو، هەندێکیان بە بەشێک لە عەقیدە و بیروباوەڕ سەیریان دەکرد، هەندێکی تریان وەک خیلافێکی سیاسی.

## 2-1 گریمانەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لەسەر ئەو گریمانەیە بنیات نراوە، کە سەردەمانێک پاشا و ئیمپراتۆرەکان خاوەن سەروەری بوون، سەردەمێکی تر پیاوانی ئایینی، سەردەمانێکی تریش زۆرینە. بەڵام لە هزری سیاسی ئیسلامیدا، بۆ خودا یان شەریعەتی ئیسلامی دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی تێکەڵییەک کراوە لە نێوان حاکمیەت بۆ گەل(ئوممەت) لەگەڵ پیادەکردنی دەسەڵات لەلایەن گەلەوە.

## 3-1 پرسیاری توێژینەوە:

خۆی لە پرسیارێکی سەرەکیدا دەبینێتەوە، ئەویش: ئایا سەرچاوەی سەروەری و حاکمیەت بۆ کێ دەگەڕێتەوە لە هەردوو ڕوانگەدا؟، دەکرێ پرسیاری لاوەکیش بریتیبێت لەوەی ئایا ئەو سەرچاوەیە لە بەرەوپێشچوون و قۆناغە جیاوازاەکاندا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە؟

## 4-1 ئامانجی توێژینەوە:

ئامانج لەم توێژینەوەیەدا، ڕوونکردنەوە و ناساندنی زاراوەی سەروەرییە لە نێوان ڕوانگەی هزری سیاسی ڕۆژئاوا و هزری سیاسی ئیسلامیدا، بەوپێیەی ئارگۆمێنت و ڕا جیایی هەیە دەربارەی ئەم چەمکە بەهۆی ئەوەی بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، بیرمەندانی سەرقاڵ کردووە بە ناساندن و دیاریکردنی مانا و مەبەستی ئەم چەمکە و سەرچاوەکەی. لەگەڵ بەراوردکردنی ئەم چەمکە لە نێوان هەردوو ڕوانگەکەدا و بە ئاماژەکردن بە جیاوازییەکانیان.

## 5-1 گرنگی توێژینەوە:

خودی چەمکی سەروەری، چەمکێکی گرنگە لە زانستی سیاسی، هزری سیاسی، دیراساتی یاسایی و پێکهاتەی دەوڵەتدا، بەدرێژایی مێژوو جێی بایەخی بیرمەندان و زانایان بووە، لە ڕوانگەی ڕۆژئاوادا ئەگەرچی ڕاجیایی لە ڕوانگە و تیۆرییەکانیەوە هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی پەیوەستە بە ویست و ئیرادەی تاکەکان، لە ئیسلامیشدا، چەمکێکی نوێیە و پەیوەستە بە خودی دینەکە، بنەما و بنچینەی سیستەمی سیاسی و دەوڵەتە، پەیوەندییەکی پتەوی هەیە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامی و ئەحکامەکانی.

## 6-1 هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوە:

دەکرێ هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە لە چەند خاڵێکدا ڕوون بکرێتەوە، ئەوانیش: یەکەم: گرنگی بابەتەکە خۆی، ئێستاشی لەگەڵدابیت بابەتێکی گرنگە لە لێکۆڵینەوەی سیاسی و یاساییدا، بەتایبەتیش لە هزری سیاسیدا بابەتێکی سەرەکییە. دووەم: ڕاستە سەروەری بابەتێکی نوێ نییە، ئەگەرچی حاکمیەت نوێیە، بەڵام بەراوردکردنی هەردوو چەمکەکە کەمتر لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی لەسەر کراوە، بەتایبەتیش حاکمیەت، کە چەمکێکی تاڕادەیەک پڕە لە جەدەل و بابەتێکە پێویست دەکات زیاتری لەسەر بنووسرێ و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێ بەهۆی ئەوەی تێکەڵ بە بابەتی تر کراوە. سێیەم: گەیشتنە بە ئامانجە گرنگەکانی ئەو توێژینەوەیە، خۆی دەبینێتەوە لە ڕوونکردنەوە و ناساندنی چەمکەکە و بەراوردکردنی لەنێوان هەردوو ڕوانگەکەدا. جگە لە ویست و حەزی توێژەر دەربارەی بابەتەکە بە تایبەتی.

## 7-1 سنور و چوارچێوەی توێژینەوە:

لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەوە بکرێ لەم توێژینەوەیەدا تیشك خراوەتە سەر چەمکی سەروەری وەك دەسەڵاتی باڵا لە دەوڵەتدا (سەروەری لە دەوڵەتدا)، کە بەراوردی ئەم چەمکە دەکرێ لەنێوان ڕوانگەی هزری سیاسی ڕۆژئاوا (کە تیۆری جۆراوجۆر و ئاڕاستە و ڕوانگەی جیاواز هەیە دەربارەی، بەهۆی ئەو ململانێیانەی لە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە سەریانهەڵدا و دیاریکردنی ئەوەی کێ خاوەنی سەروەرییە و بۆ کێ دەگەڕێتەوە) و هزری سیاسی ئیسلامیدا (کە بە حاکمیەت ناسراوە و لەڕووی چەمکەوە نوێیە و لەڕووی ماناوە کۆنە، کە لێرەدا ڕوانگە و تێگەیشتنی بیرمەندانی سونێ مەبەستە، بە تایبەتی لای ئەبو ئەعلای مەودودی - کە بەکارهێنانی ئەو چەمکە بۆ ئەو دەگەڕێننەوە - و سید قوتب، کە زۆرترین کاریگەری دروست کرد بەسەر کەسایەتی و پارتە سیاسییە ئیسلامییەکان).

## 8-1 میتۆدی توێژینەوە:

بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی سەروەری، لەم توێژینەوەیەدا چەند میتۆدێك پەیڕەو کراوە، وەك: میتۆدی مێژوویی، بەو پێیەی ڕیشەی مێژوویی ئەم چەمکە ڕووندەکرێتەوە، ئەو بەرەوپێشچوون و قۆناغە مێژووییەی بە خۆیەوە بینیوە ئاماژەیان پێدەکرێ. دووەمیان، میتۆدی وەسفی، کە هەوڵدراوە بە ناساندن و باسکردنی ئەم زاراوەیە و تیۆرەکانیشی بە پێی بیروڕای بیرمەندان. لە کۆتایشدا، هەروەك لە ناونیشانی توێژینەوەکەدا دیارە، بەراوردی هەردوو ڕوانگەی هزری سیاسی ڕۆژئاوا و هزری سیاسی ئیسلامی دەکرێ بۆ چەمکی سەروەری و ڕوانگە جیاوازەکان دەخرێنە ڕوو.

## 9-1 پەیکەری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە، جگە لە پێشەکی و دەرئەنجامەکان، دابەش کراوە بۆ سەر سێ باس، باسی یەکەم تایبەت کراوە بە ڕوونکردنەوەی چەمکی سەروەری لە هزری سیاسی ڕۆژئاوا، کە سەرەتای پەیدابوون و بەکارهێنانی ئەم چەمکە باسکراوە، دواتر تیۆرەکانی سەروەری بەپێی ڕوانگە و ڕاوبۆچوونی زانایان و بیرمەندان ئاماژەیان بۆ کراوە. لە باسی دووەمدا چەمکی سەروەری (حاکمیەت) لە ئیسلامدا خراوەتە ڕوو، لە سەرەتای بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە دەست پێدەکەین لە ڕووی چەمك و ناوەڕۆکەوە، لەگەڵ خستنەڕووی ڕاوبۆچوونی چەند بیرمەندێك. لە باسی سێیەمیشدا بەراوردی ئەم

چەمکە کراوە لە گۆشە نیگای هزری سیاسی ڕۆژئاوا و هزری سیاسی ئیسلامیدا و تیشك خراوەتە سەر جیاوازییەکانیان.

## 2. چەمکی سەروەری لە ڕوانگەی هزری سیاسی ڕۆژئاوادا

سەروەری (السیادة -Sovereignty) بە یەکێك لەچەمکە گرنگەکان هەژمار دەکرێ لە زانستە سیاسییەکان و لیکۆڵینەوەی یاسایی و دەستوریدا، بەهۆی ئەوەی یەکێکە لەو ڕەگەز و پێکهاتانەی کە دەوڵەتی لێ پێکدێت. ڕای باو ئەوەیە کە سەروەری لە ڕۆژئاوادا لە کۆتاییەکانی سەدەی پازدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی شازدەیەم سەری هەڵداوە، ئەمەش کاریگەری ئەو واقیعەی بەسەرەوە بووە کە ڕۆژئاوا پێیدا تێپەڕیوە، کە خۆی دەبینێتەوە لە ململانێی نێوان ئایین و سیاسەت، کە دەزگاکانی کەنیسە و دەوڵەت نوێنەرایەتییان دەکردن، دواتریش پەیدابوون و سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی.

لەماوەی سەردەمانی ناوەڕاستدا گفتوگۆکان لەبارەی دەوڵەتەوە بوون، کە تیۆری جۆراوجۆری هێنایە کایەوە، کە گرنگترینیان پەیوەست بوون بە زانینی ئەوەی ئایا لەنێوان کڵێسا و دەوڵەتدا کامیان خاوەنی دەسەڵاتی باڵایە؟ کە هەریەکەیان پشتگیری لە بۆچوونێك دەکرد، هەندێکی تریان پێیان وابوو کە دەوڵەت و کەنیسە لە دەسەڵاتدا یەکسانن، بەمەرجی ئەوەی هەریەکەیان لە بواری و پسپۆڕی خۆی، بێ ئەوەی دەست بخەنە کاروباری یەکتر (عباس، 1994، الصفحات 16-17). دواتریش لە سەدەی شازدەیەم سەرەتای دەرکەوتنی شۆڕشێکی هزری نوێ بوو، کە پشتگیری دەسەڵاتی دونیایی )زەمەنی) ڕەهای پاشای دەکرد لەسەر حسابی دەسەڵات و هەژموونی پاپاکان، بەتایبەتیش دوای دەرکەوتنی بزوتنەوە چاکسازی دینی، کە بانگەشەی چاکسازی دەکرد لە دژی گەندەڵی و دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات، جگە لە سەرهەڵدان و هەڵایسانی جەنگی دینی لە ئەوروپا لەنێوان شوێنکەوتووانی مەزهەبە جیاوازەکان. لێرەدا دوو ئاڕاستەی جیاواز سەریان هەڵدا، لە یەکەمیاندا پشتگیری لە پیرۆزی و ڕەهایەتی دەسەڵاتی پاشایەتی دەکرد، لە دووەمیشیاندا بە پێچەوانەی ئەوە دژایەتی ئەو ئاڕاستەیەیان دەکرد و وایان دەبینی کە دەسەڵاتی پاشا لە گەل وەرگیراوە (محفوظ، 2007، صفحة 51).

سەروەری بە مانا و تێگەیشتنی نوێ و هاوچەرخ کە لە ئێستادا هەیە، چەمکێکی نوێیە و بە چەند قۆناغێکی مێژوویدا تێپەڕیوە، لە سەردەمانێك ئەوەی کە باو و بەربڵاو بووە پاشا و فەرمانڕەواکان بە تەنیا مافی هەبوونی سەروەرییان هەبووە و سەرچاوەکەی بۆ ئەوان دەگەڕایەوە، دواتر پیاوانی ئایینی، کە سەنەدێك و پاڵپشتییەك بووە بۆ ویست و ئارەزووی پاپاکان بە مەبەستی بەدەستهێنان و دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵات. دواتریش هەوڵی بیرمەندە فەرەنسییەکان بۆ دارشتنی تیۆری سەروەری لەسەدەی پازدەیەم هاتە ئاراوە، ئەویش بەهۆی ململانێی پاشا فەرەنسییەکان لەسەردەمانی ناوەڕاست، بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی دەرەکی بەرامبەر ئیمپراتۆر و پاپاکان لەلایەك، بەدەستهێنانی باڵادەستی ناوخۆیی بەسەر میرەکان لەلایەکی ترەوە (عبدالکریم، الصفحات 53-55) (المشوخي، 2018). بۆ ئەم مەبەستەش بە پێویستی دەزانین کە سەرەتای پەیدابوون و بەکارهێنان و تیۆرە جیاوازەکان لەبارەی سەروەری بخەینە ڕوو.

### 1-2 مێژووی چەمکی سەروەری

یەکەم دارشتن و ناساندنی چەمکی سەروەری بۆ بیرمەندی فەرەنسی، جان بۆدان (Jean Bodin 1530-1596) دەگەڕێتەوە، کە لە کتێبی (شەش کتێبی کۆمار) دا ڕوونی کردۆتەوە، ئەمەش گرنگترین بەشە لە فەلسەفە سیاسیەکەی، پێی وایە کە بوونی دەسەڵاتێکی خاوەن سەروەری ئاماژە و نیشانەیەکە کە دەوڵەت لە کۆمەڵگاکانی تر جیادەکاتەوە بەو پێیەی کە خێزان یەکەم پێکهاتەیەتی (سباین، 2010، صفحة 118). لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونی دیکەش هەن، کە تیۆرەکانی پەیدابوونی ئەم چەمکە دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی یۆنانییەکان، بەتایبەت ئەرستۆ (Aristotle)، کە باسی لە دەسەڵاتی باڵای دەوڵەت کردووە، بەوەی کە ئایا ئەم دەسەڵاتە بۆ زۆرینەی خەڵك دەگەڕێتەوە یان تەنیا بۆ دەوڵەمەندەکانە، بۆ کۆمەڵێکی دیاریکراو دەگەڕێتەوە یان بۆ تاکەکەسێك (عباس، 1994، الصفحات 17-18). بۆیە لە مێژووی هزری سیاسیدا ئەوە ڕوونە و کۆدەنگی لەسەرە کە گرنگترین نووسینی بۆدان بریتیە لە تیۆری سەروەری، بەهۆی ئەوەشەوە ناوبانگی پەیداکردووە و تا ئێستاش کاریگەری هەیە و دید و تێڕوانینی جێی بایەخن، گرنگیدانی بۆدان بە سەروەری لەو ڕوانگەیەوە بوو کە هەوڵی دەدا چارەسەرێك بدۆزێتەوە بۆ ئەو کێشە و ململانێیانەی لە نێوان دەسەڵاتی کەنیسە و دەسەڵاتی زەمەنیدا هەبوو و یەکلاییکردنەوەی لە بەرژەوەندی دووەمیاندا (محفوظ، 2007، صفحة 55). بۆدان بەم شێوەیە پێناسەی سەروەری دەکات "دەسەڵاتی باڵایە بەسەر هاونیشتمانی و گەلەوە، کە بە یاسا کۆت و بەند ناکرێت" (Sabine, 1973, p. 377).

جان بۆدان پاڵپشتی و پشتگیری لە دەسەڵاتی پاشایەتی فەرەنسی کردووە بۆ دەرچوون لە قەیرانی ململانێی ناوخۆیی، کە لەو سەردەمانەدا سەریانهەڵدابوو، کە ماف و دەسەڵاتی زیاتری بەڕەوا دەبینی بۆیان، وەك مافی ڕەها بۆ یاسادانان، بەڵام لە هەمان کاتیشدا سنورداری دەکرد و دەیبەستییەوە بە یاسای خودایی (خير، 2018). فەیلەسوفی ئەڵمانی ئالتوزیوس (Johannes Althusius 1557-1638) پێی وابوو کە ئەو تایبەتمەندییەی دەوڵەت پێی جیادەکرێتەوە لە کۆمەڵە و دامەزراوەی تر بریتیە لە دەسەڵاتێکی خاوەن سەروەری، کە هیچ دەسەڵات و هێزێکی تر لە سەرووی ئەوەوە نییە (محفوظ، 2007، صفحة 68).

### 2-2 سەروەری لای بیرمەندانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی

بیرمەندی ئینگلیزی تۆماس هۆبز (Thomas Hobbes 1588-1679) توانی کۆتایی بێنێ بە هەبوونی دوالیزم ازدواجیەت (ازدواجية - Dualism) لە وەلاء و ئینتیما بۆ یاسای دانراو و یاسای خودایی، ئەمەش دوای ئەوەی دەوڵەتی وەك دەزگایەکی باڵا بەسەر هەموو کۆمەڵگادا هەژمار کرد، بە هەموو تاکەکان و دامەزراوەکانیشی، لەناویشیاندا کەنیسە، هەموو جۆرە هێز و دەسەڵاتێکی بە ڕەوا بینی بۆ دەوڵەت، وەك مافی ڕەهای یاسادانان و دابڕانی لە هەموو کۆت و بەندێك کە پێیەوە بەسترابووبوویەوە، لەنموونەی ئەخلاق (خير، 2018). ئەمە لە کاتێکدا بوو کە پێش ئەمانە، بیرمەندانی سەدەکانی ناوەڕاست سەرقاڵی ئەوە بوون کە ئایا پێویستە ئینتیمای تاك بۆ کام دەسەڵات بێت؟ دەوڵەت یان کەنیسە؟ یاخود بۆ کام یاسا بێت؟ یاسای دانراو یان یاسای خودایی؟ بەهەمان شێوە لەناو دەوڵەتیش ئایا دەسەڵاتەکان بۆ کێن و کێ خاوەنی دەسەڵاتە؟ فەرمانڕەوا یان کەنیسە؟ یاخود هەردووکیان.

هۆبز پێی وابوو کە یاسا لە ئیرادەی مرۆڤەکان وەرگیراوە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئیرادەی تاکەکان جێی ناکۆکیە و دژ بەیەکن، لەبەر ئەم هۆکارەش بۆ تاکەکان باشترە کە هەموو ئیرادەکانیان لەیەك ئیرادەی ڕەها کۆبکەنەوە، ئەویش ئیرادەی فەرمانڕەوایە، بۆیە سەروەری تەواو و دەسەڵاتی گشتگیر لە دەستی فەرمانڕەوادا کۆدەبێتەوە و بەهۆی ئەویشەوە دامودەزگای حوکمڕانی بە سیستەم و یاسا بەڕێوە دەبرێن. سەروەری

فەرمانڕەواش گشتی و ڕەهایە، چاودێرە بەسەر گەل، هەر ئەویش یاساکان دادەنێت، پەیوەندی هاوڵاتیان ڕێك دەخات، ئاشتی دەپارێزێت و بڕیاری شەڕ دەدات، وەزیر و ڕاوێژکار و فەرمانبەران دیاریدەکات و هەڵیاندەبژێرێ (الشنيطي، 1961، صفحة 54). بۆیە لە تێڕوانینی هۆبزدا، لەنێوان دەسەڵاتێکی ڕەها و فەوزیایەکی تەواو هیچ بژاردەیەکی تر نیە، لەبەرئەوە کیانێکی کۆمەڵایەتی بوونی نییە تەنیا لە ڕێگای دەسەڵاتێکی ڕەهاوە نەبێ، چونکە کرۆکی پەیمانی کۆمەڵایەتی و مەبەست لە بوونی کۆمەڵگا لای هۆبز ئەوەیە کە دەسەڵات ڕەها بێت (محفوظ، 2007، صفحة 83). لێرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە سەرچاوەی یاسا دانان ئیرادەی فەرمانڕەوایە، بوار بۆ ئازادی تاکەکان لە چوارچێوەیەکی تەسك دایە، ئەوەش مانای ئەوە نادات کە فەرمانڕوا بە ئارەزوی خۆی حوکمڕانی دەکات، بەڵکو بەشێوەیەکە دەسەڵاتی لە ڕەزامەندی تاکەکان وەرگیراوە و بۆ ئەوانیشە.

بەرەوپێشچوونێکی تر بۆ چەمکی سەروەری لەسەر دەستی بیرمەندی فەرەنسی جان جاك ڕۆسۆ (Jean Jacque Rousseau 1712-1778) بوو، کە دووبارە چەمك و بیردۆزەکەی داڕشتەوە و مانایەکی تری پێ بەخشی، بەوپێیەی لەو سەردەمەی ئەوروپا کێشەی ناسیۆنالیستی سەریهەڵدابوو، هەوڵدەدرا پاشایەتی لۆکاڵی بەهێز بکرێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پاشا و ئیمپراتۆرەکان، لەبەرامبەریشدا کێشەیەکی تریش سەریهەڵدا، ئەویش تاکڕەوی و دکتاتۆری پاشایەتی بوو، بەهۆی ئەوەی دەسەڵاتێکی ڕەهایان لەبەر دەستدابوو و کۆت و بەند نەکرابوو. بەمەبەستی سنوردانان بۆ دەسەڵاتیان، بیردۆزە سیاسییەکان بەرەو ئاراستەی زیندوو کردنەوەی هزری دیموکراسییەت چوون، گێڕانەوەی ماف بۆ گەل و هاووڵاتیان. لەم پێناوەشدا، ڕۆسۆ لە ڕوانگەی خۆیەوە چەمکی سەروەری دووبارە داڕشتەوە، گەلی کردەوە بە خاوەنی ڕاستەقینەی دەسەڵات و سەرچاوەی ڕستەقینە بۆ یاسا و داڕشتنی، کە خۆی لە ئیرادەی گشتیدا دەبینێتەوە. بەم جۆرە وەسفی دەکات کە دوورە لە هەڵەوە، هەموو کات ڕاستی و دادپەروەری دەپێکێ و بەدەستی دەهێنێ، وایدەبینی کە دەنگی گەل لە ڕاستیدا دەنگی خودایە (خير، 2018). بۆیە لە تیروانینی ڕۆسۆدا لێکچوون لەنێوان سەروەری و ئیرادەی گشتیدا هەیە، چونکە سەروەری بریتیە لە پیادەکردنی ئیرادەی گشتی لەو ئەرکانەی کە پێی سپێردراوە، بۆیە سەروەری ڕاستەقینە بریتیە لە سەروەری گەل کە ئیرادە گشتییەکە نوێنەرایەتی دەکات (محفوظ، 2007، صفحة 150).

ڕۆسۆ پێی وابوو کە سەروەری بەشێوەیەکی جەوهەری خۆی لە ئیرادەی گشتیدا دەبینێتەوە، بە مانایەکی تر، سەروەری بریتیە لە پیادەکردنی ئیرادەی گشتی لە حوکمڕانیدا، بۆیە ئەو وایدەبینی کە ناکرێ سەروەری بۆ تاکەکەسێك یان کۆمەڵێك بێت، بەڵکو لە هەموو گەلدا بەرجەستە دەبێ. دەسەڵاتی سەروەری و شەرعیەتەکەی پێویست بەوە ناکات تاکە کەسێك یان چەند کەسێکی دیاریکراو بیپارێزن، بەڵکو لەسەر بنەمای سوود(منفعة)ی هاوبەش دادەنرێ و پەیوەستە بە هەموو هاووڵاتیان، خاوەنی سەروەری و ئەوەی دەسەڵاتی سەروەری بەدەستە دەستەیەکی ئەخلاقی گشتییە، کەسێکی مەعنەوییە، بڕیار و کارەکانی بریتیە لە بڕیار و کارەکانی ئیرادەی گشتی کە خۆی لە شێوەی یاساکان دەبینێتەوە. ڕۆسۆ سنورێك بۆ دەسەڵاتی فەرمانڕەوا دیاریدەکات و مافی تاکەکان مسۆگەر دەکات، لەڕوانگەی ئەوەی کە دەوڵەت مانای هێزی ئیرادەی گشتییە و سەروەریش تەنیا پەیوەستە بە کۆمەڵگای سیاسی، چونکە ئەگەر سەروەری بۆ تاکێك بێت، دەبێتە هۆی ئەوەی بۆ خودی خۆی و سوودی خۆی پیادەی بکات، بەمەش مەرج نیە ئیرادەی ئەو تاکە گەنجاو بێت لەگەڵ ئیرادەی گشتیدا، لێرەشدا سەروەری واتە خودی گەل (الشنيطي، 1961، الصفحات 101-100).

## 3-2 سەروەری لای جۆن ئۆستن

دواتریش بیرمەند و یاساناسی ئینگلیزی جۆن ئۆستن (John Austin 1790-1859)، هزری سەروەری گەیاندە قۆناغێکی نوێ، بەو پێیەی گرنگییەکەی لە بواری یاسا و داڕشتنیدا بوو، بۆیە وایدەبینی کە سەروەری سەرچاوەی یاسایە، لەهەمان کاتیشدا هەبوونی سزا و سەپاندنی بەسەر ئەوانەش کە گوێڕایەڵی ناکەن. بە بڕوای ئۆستن پێویستە سەروەری لەدەست لایەنێکی دیاریکراودا بێت، جا تاکە کەسێك بێت یان گروپێك (خير، 2018). بە بڕوای ئۆستن سەروەری بەش بەش ناکرێ، چونکە بەشکردنی (دابەشکردنی) سەروەری لە نێوان دوو کەس یان زیاتر مانای سەپاندنی کۆت و بەندە لەسەری. لەسەر ئەم بنەمایە ئۆستن تیۆری سەروەری بەم شێوەیە داڕشت کە دەوڵەت سیستەمێکی یاساییە و تێیدا دەسەڵاتێکی باڵا هەیە و هەڵسوکەوت دەکات بەوپێیەی کە تاکە سەرچاوە و کۆتا سەرچاوەی هێزە (عباس، 1994، صفحة 27).

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ سەروەری لای جۆن ئۆستن لەسەر بنەمای یاسا دامەزراوە و لەسەر ئەوە دەوەستێ، ئەویش بەهەبوونی دەسەڵاتی باڵا لە دەوڵەتدا، کە گوێڕایەڵی بۆ هیچ کەس و دەزگایەک ناکات بەڵکو دەبێ گوێڕایەڵی بۆ بکرێ، لەبەرئەوەی خاوەنی سەروەرییە لە دەوڵەتدا.

## 4-2 ڕوانگەی بیرمەندانی لیبڕاڵی دەربارەی سەروەری

دوای تێپەڕبوونی مانا و ڕەهەندی سەروەری بەچەند قۆناغێکدا، ئەویش بەهۆی بەردەوامی ململانێ لەسەر دەسەڵات و دیاریکردنی ئەوەی کێ خاوەنیەتی و سەرچاوەکەی چیە و بۆ کێیە، بەتایبەتیش لە نێوان پیاوانی ئاینی و ئیمپراتۆرەکان و دواتریش لە نێوان پاشا و میرەکان، تا گەیشت بەو ئاستەی کە چەند بیرمەندێك سەروەری و سەرچاوەکەیان گەڕاندەوە بۆ گەل، لێرەوە مانا و ڕەهەندی سەروەری دەرکەوت لە ڕوانگەی لیبراڵییەوە، "سەروەری گەل بە مانای دەسەڵاتی ڕەها دێت، بۆیە لێرەدا سەروەری مانا و مەفهومی لیبراڵی دەگەیێنێت، واتە گەڕانەوەی دەسەڵاتی ڕەها بۆ گەل" (خليل، 2018). باشترین ڕێگای کورت و پوخت بۆ ناساندنی لیبڕالیزم ئەوەیە کە چەند بنەما و باوەڕێك تێیدا بێتە دی، ئەوانیش مافی یەکسانی بەرامبەر بە یاسا، و یەکسانی لە دادپەروەریدا، و ... مافی تاکەکان بۆ هەبوونی سەروەری و ڕێکخستنی لە سیستەمی دەوڵەتدا (جابر، 1985، صفحة 56). ئەمەش دوای ئەو ململانێیەی لە پێناوی دەسەڵاتدا ئەوروپای پێدا تێپەڕی بەمەبەستی کۆت و بەند نەبوونی دەسەڵات لەدەست تاکەکەسێك یان چەند کەسێك و بەش کردنی.

سەردەمانێك لە ڕۆژئاوادا، دەسەڵاتی ڕەها دەگەڕایەوە بۆ پیاوانی ئاینی، ئیمپراتور، پاشا و میرەکان، بەوپێیەی کە نوێنەری خودا بوون لەسەر زەوی ئەمەش بەپێی تیۆری تیۆکراسی (Theocracy)، دواتر لیبرالیەت و ڕێبازەکەی لە عەلمانیەت وەکو پەرچەکردارێك بوو بۆ ئەوە، دەسەڵاتی ڕەهای گەڕاندەوە بۆ گەل. تێگەیشتن و ڕوانگەی لیبرالیزم بۆ سەروەری یاسا لەسەر ئەوە دەوەستێت کە یاسا هەڵوێستێکی نێگەتیڤی هەبێت بەرامبەر بە ئازادییەکانی تاك، بۆیە سەروەری یاسا لە لیبرالییەتدا کاتێك دێتەدی کە سیستەمی یاسایی دەوڵەت ڕێگە بە دەستخستنە کاروبار و ئازادی تاکەکان نادات، لەو کاتەشدا کۆتایی دێت کاتێك کە ڕێگە دەدرێت بە دەست تێوەردان لە کاروباری تاکەکان و ئازادییەکانیان، بۆیە ئەوەی کە هزری لیبڕالی پێشکەشی کردووە و

پێکهێشتووه بۆ دەستەبەرکردن و گەرەنتی سەروەری یاسا، بریتیە لە دیموکراسی وەك سیستەمێك بۆ زەمانەتی دەسەڵاتی گەل دژ بە ستەمکاری فەرمانڕەواکان (خليل، 2018).

جێرمی بینتام (Jeremy Bentham 1747-1832) یش وەکو بیرمەندێکی لیبراڵی و ڕێبازی سوودگەرایی، پێی وایە کە دەبێت سەروەری سەرچاوەکەی بۆ گەل بێ، بۆ ئەوەی بەرژەوەندی حکومەت یەکبگرێتەوە و کۆك بێت لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی. بینتام بڕوای بە سەروەری گەل هەبوو، ئەویش لە ڕێگای زۆرینەیەك کە هەڵە ناکات. دەڵێ واجبی حکومەت و دەسەڵاتی یاسادانانە پارێزگاری لە خاوەنداریتی بکەن بۆ پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، چونکە خاوەنداریتی مەرجێکی سەرەکییە بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین ڕێژەی خۆشگوزەرانی، ئەویش بۆ ژمارەیەکی زۆری تاکەکان لە کۆمەڵگادا، پێویستیشە گەل چاودێری فەرمانبەرانی گشتی(حکومی) بکات بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان (ابراهيم، 1994، الصفحات 167-180). بۆیە لای بینتام، دەسەڵات لە هەموو کۆمەڵگایەکی سیاسیدا دەبێ لە کەسێك یا کۆمەڵە کەسێك بەرجەستە بێ و ئەوانی تریش دەبێ گوێڕایەڵی بکەن (محفوظ، 2007، صفحة 205).

بەدیهێنان و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی باڵا بۆ گەل، بنەما و بنچینەی سیستەمی دیموکراسی پێك دەهێنێ. لەسەردەمی ڕۆمانەکان باوەڕیان، وابوو کە دەسەڵاتی کۆمۆنوێلس (Commonwealth) وەرگیراوە لە هێز و دەسەڵاتی هاوبەشی گەل، پاشان لە سەردەمانی ناوەڕاستدا دووبارە بەکارهێنرایەوە لەلایەن ولیام ئۆکام و مارسیلیۆ پادوا، دواتر تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی لەلایەن ڕۆسۆوە لەسەر ئەوە وەستا کە دەسەڵاتی دەوڵەت بنەماکەی ئیرادەی گشتی تاکەکانە(گەل). لە ئێستاشدا ئەم بیرۆکەیە بووە بە بەشێکی تەواو و دانەبڕاو لە دیموکراسی، لەڕاستیدا لە پراکتیزەکردندا شێوە و جۆرێکی سەروەری سیاسییە. هەروەك گارنەر (Garner) دەڵێ بیروڕای گشتی ڕێکنەخراو (ڕێکنەخراو لەشێوەی ڕێکخستنێك) و خاوەن هێز، سەروەری نیە، تا ئەوکاتەی فۆرم و بەرگێکی یاسایی بەبەردا نەکرێ. سەروەری خەڵك (گەل) دەکرێ مانای زیاتر لەوە نەدات کە هێزی زۆرینەی دەنگدەرانە لە وولاتێکدا کە سیستەمی دەنگدانی تێدا باوە (بەپێی پێوەری جیهانی) لەڕێگای کەناڵی دامەزراو لەسەر بنەمای یاسایی و شەرعی، بۆ گەیاندنی ڕاوبۆچوونیان و ڕاگەیاندنی (Urmila Sharma, 2007, pp. 151-152).

ڕوانگەی لیبڕالیدا بۆ سەروەری، زیاتر ویست و ئیرادەی تاکەکان لەبەرچاو دەگیرێ، کاتێکیش دێتەدی کە دەوڵەت کەمتر دەست بخاتە کاروباری تاکەکان و ئازادییەکانیان بەرتەسك نەکاتەوە، بەڵکو ڕۆڵێکی وای نەبێ لە سنووردارکردنی ئازادی و ئیرادەی گشتی، ئەمەش زیاتر خۆی لە زۆرینەی گەلدا دەبینێتەوە.

دەکرێ لەم باسەدا بەوە کۆتایی پێبێنین، جیاوازی لە تیۆر و ڕوانگەکان لە هزری سیاسی ڕۆژئاوادا، نیشانەی ململانێیەکی قوڵ و دوورودرێژە لە بەرەوپێشچوون نوێبوونەوەی کلتور و هزری بیرمەندان، لەلایەکی تریش سیمایێکی نەرێنی هەیە بۆ ئەو واقیعەی ڕۆژئاوا پێیدا تێپەڕیوە، بەتایبەتیش ململانێ و جیاوازییەکە لە دیاریکردنی سەرچاوەی سەروەری و دەسەڵاتەکەی بوو، هەندێکجار سەروەرییەکی ڕەها، هەندێکجاری تر سنووردار،جگە لەوە لە هەر قۆناغێک و ڕوانگە جیاوازەکاندا، ڕۆڵ و پێگەی تاک جۆرێکە. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە سەرباری قۆناغە جیاوازەکانی سەروەری، بەڵام لەسەر دەستی جان بۆدان چەمکی سەروەی چوارچێوەیەکی دیاریکراوی وەرگرت و بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینی، دواتریش بیرمەندان بەرەویان بە بیرۆکە و تیۆرەکەی دا و گەشەیان پێدا.

## 3. سەروەری لە هزری سیاسی ئیسلامیدا

لە هزری سیاسی ئیسلامیدا چەمکی حاکمیەت لە بری چەمکی سەروەری بەکاردێت، حاکمیەت وەکو چەمك و ووشە چەمکێکی نوێیە، بەڵام وەکو مانا و ناوەڕۆك ئاماژەی پێکراوە و ڕەگوڕیشەی کۆنترە و بۆ پێشووتر دەگەڕێتەوە، زانایانی ئیسلامی پێشوو ئەگەرچی ئەم چەمکەیان بەکارنەهێناوە، "بەڵام بە واتای نزیك لەوە ئاماژەیان پێداوە، وەکو الإمامة، الحكم، السلطان والولاية... (عبدالواحد، 2004، صفحة 86) ".

خیلافەت و دەسەڵاتەکەی بەهەمان شێوە مانای حاکمیەت دەبەخشن، بەوەی کە دەسەڵاتێکی گشتییە، لێرەدا بە پێویستی دەزانین بۆ تێگەیشتن لە حاکمیەت و ماناکەی، ئاماژە بە ڕاوبۆچوونی چەند زانا و بیرمەندێکی پێشوو بدەین، کە زیاتر خیلافەت و ئیمامەتیان بەکار هێناوە بەمانای دەسەڵاتی حاکم لە کۆمەڵگادا. "کە هێزێکە لەسەرووی ئەوەوە هێزی تر نیە، پێویستە تاکەکان گوێڕایەڵ بن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و دوورخستنەوەیان لە شەڕ و ئاژاوە، ئەم دەسەڵاتەش دەسەڵاتێکی ئیسلامییە ئەگەر حوکم بکات بەو یاسا و شەریعەتەی کە لە لایەن خوداوە نێردراوە (خير، 2018) ".

ئیبن تەیمیە پێی وابوو کە حاکمیەت بەجێنەهێڵراوە بۆ ویست و ئارەزووی یاسادانەر و فەرمانڕەواکان، بەڵکو ڕێکخستنی بۆ کراوە و دەگەڕێتەوە بۆ قورئان و سوننە، هەردووکیان تاکە سەرچاوەن کە لەڕێگایانەوە (جێبەجێکردن) دەتوانرێ حاکمیەت بۆ خودا دیاری بکرێ، هەر لە ڕێی ئەوانیشەوە دەتوانرێ شێوە و جۆری سیستەمی سیاسی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا دیاری بکرێ (د. عماد، 2007، الصفحات 314-315). ئەرکی دەوڵەت لە ئیسلامدا بریتیە لە حوکم کردن بە ئەحکامی ئیسلام و جێبەجێکردن و بەجێگەیاندنی مەبەستەکانی شەریعەت (مقاصد الشريعة)، بۆیە لە ئیسلامدا دەسەڵاتێکی دینی و دەوڵەتێکی دینی بوونی نییە، بەوپێیەش حاکمیەتی ڕەها بۆ خودایە و بۆ کەسی تر نییە جگە لەو، چونکە حوکمی گشتی بۆ خودایە و حوکمی بەشێکی دیاریکراو لە زەوی (الحكم الجزئي) بۆ مرۆڤەکان جێهێڵراوە کە مەبەست لێی پیادەکردنی دەسەڵاتە (القمودي، 2011، صفحة 213).

### 1-3 سەرەتای سەرهەڵدان و بەکارهێنانی چەمکی حاکمیەت

سەرەتای دەرکەوتن و بەکارهێنانی چەمکی حاکمیەت دەگەڕێندرێتەوە بۆ ئەبو ئەعلای مەودودی (أبو الأعلى المودودي 1903-1979)، کاریگەری زۆری بەسەر کەسایەتی و پارتە سیاسییە ئیسلامییەکانەوە هەبووە و چەمك و ماناکەی گوێزرایەوە بۆ ئەوان، ناودارترین و کاریگەرترینیان سەید قوتب (سيد قطب 1906-1966) بوو، هەردووکیان چەمکی (حاکمیەت و جاهیلیەت) یان بەکارهێناوە. ئەمەش بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی ئەوکاتی هیندستانی پێدا تێپەڕیوە لە ململانێی نێوان هیندۆسەکان و موسڵمانەکان، کاریگەری هەبووە بەسەر هزری مەودودی، جگە لەو بارودۆخەی جیهانی عەرەبی و بەتایبەت میسر بەخۆیەوە بینیوە و کاریگەرییەکانی بەسەر سەید قوتبدا دەرکەوتووە.

لە ئەلف و بێ و ئەدەبیاتی هزری سیاسی ئیسلامیدا، سەرەتای بەکارهێنانی چەمکی حاکمیەت، دەگەڕێندرێتەوە بۆ (أبو الأعلى المودودي)، بەڵام هەندێك سەرچاوەی تر بۆ سەردەمانی زووتر دەیگەڕێننەوە، بەتایبەت کۆتاییەکانی خیلافەتی عوسمانی، لەوانە: نامق کمال (1840-1880)، کە کاریگەر بووە بە هزرەکانی شۆڕشی فەرەنسی و ماوەیەك لە پاریس ژیاوە، بانگەشەی بۆ سەروەری گەل کردووە، بەڵام ناوی نابوو

حاکمیەتی ئوممەت (حاکمیة الامة) لەجیاتی حاکمیەتی گەل. یەکێکی تر، کە ئەو چەمکەی بەکارهێناوە (علی سعاووي) بوو کە هاوسەردەمی نامق کمال بوو، بەڵام ئەوەیان بیرۆکەکەی جیاواز بوو لە بیری نامق کمال، کە حاکمیەتی تەنها بە مافی خودا داناوە و زانیوە، بۆیە لەبری حاکمیەتی ئوممەت، (حاکمیەتی خودا) ی بەکارهێناوە. یەکێکی تریش سعید حلیم باشا (1863-1921) بوو، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو عەلمانییەتەی ڕووی لە دەوڵەتی عوسمانی کردبوو لەناویشیاندا بانگەشەکارانی (سەروەری گەل)، چەمکی حاکمیەتی بەکارهێناوە، بەڵام لەبری ئەو چەمکانە، حاکمیەتی شەریعەتی بەکارهێناوە. (خير، 2018) (Berkes, 1998, p. 210).

مەودودی بەم شێوەیە باس لە چەمکی حاکمیەت دەکات "ئەم ووشەیە بە دەسەڵاتی باڵا و دەسەڵاتی ڕەها دەوترێ، کە هێز و دەسەڵاتێکی گشتگیر و بێ سنووری هەیە" (د. عماد، 2007، الصفحات 314-315) (المودودي، 2005، صفحة 113)، تاکەکانیش دەبێ گوێڕایەڵی بکەن و لەدەرەوەی ئەوەشدا هیچ شتێك نیە کە دەسەڵاتەکانی لە فەرمانڕەواییدا سنووردار بکات. یاسا بە ویست و ئیرادەی خاوەن فەرمانڕەوایی دادەنرێ و پێویستە لەسە تاکەکان گوێڕایەڵی بکەن، بەڵام هەرچی خودی خاوەنی فەرمانڕەوایەتییە (حاکمیەت) هیچ یاسایەك نیە کۆت و بەندی بکات (المودودی، 2005، الصفحات 113-114).

مەودودی پێی وایە ناکرێ و نابێ حاکمیەت تەنیا بۆ خودا نەبێ، تەنیا مافی ئەوە، بەوپێیەی کە خودا دانەر و درووستکەری ئەم بوونەوەرەیە و حاکمی باڵایە، دەسەڵاتی ڕەهای باڵا تەنیا بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، هەرچی مرۆڤیشە، ئەوا جێنشینی حاکمی باڵایە، سیستەمی سیاسیش دەبێ تابع و شوێنکەوتووی ئەم دەسەڵاتە باڵایە بێ، وەزیفەی ئەم جێنشینەش جێبەجێکردنی یاسا و شەریعەتی حاکمی باڵایە لە هەموو کاروبارێکدا و تا دەگات بە بەڕێوەبردنی سیستەمی سیاسی کە دەبێ بەپێی بنەما و ئەحکامەکانی بێت. مەودودی لە میانەی کۆکردنەوە و لێکدانەوەی چەند ئایەتێکی قورئان پەیوەست بە حاکمیەت، لەچەند خاڵێکدا ڕوونی دەکاتەوە (عبدالواحد، 2004، الصفحات 100-102)، لەوانە:

1. خاوەن و هەبوونی مافی حوکم و تەشریع و یاسادانان تەنیا بۆ خودایە، قورئان ئەوە دووپات دەکاتەوە کە خودا (مالك الملك) ـە و خاوەنی فەرمانڕەوایەتییە، لەسەر ئەو بنەمایەش مرۆڤ لەبەرئەوەی درووستکراوە، ناکرێ یاسا دارێژەر بێت، بەڵکو دەبێ پەیڕەوی ئەو یاسایانە بکات کە خودا دایناوە و تەنیا مافی ئەوە.

2. دەرچوون لە حاکمیەتی خودا کوفرە و حوکمێکی پووچەڵی(باطل) هەیە، هەروەك قورئان ئاماژە بەوە دەکات کە پەیڕەوکردن و جێبەجێکردنی یاسا و فەرمانێکی جگە لە خودا باتڵ و کوفرە.

3. هێنانەدی و چەسپاندنی دادگەری نابێت و ناکرێت تەنیا بە حاکمیەتی ئیلاهی نەبێت.

4. هەر فەرمانڕەوایەك کە کار بە یاسای دانراو دەکات و لەسەر بنەمای حاکمیەتی ئیلاهی نیە، ئەوا فەرمانڕەوایەتییەکی پووچەڵە(باطل) و شەرعی نیە.

## 2-3 حاکمیەت لە هزری (سید قطب) دا

دوای مەودودی، سەید قوتب (سید قطب) لە سەردەمی نوێدا بە دیارترین بیرمەندی ئیسلامی دادەنرێ کە باس لە حاکمیەت دەکات، کاریگەری زیاتری بەجێهێشت دوای خۆی و دەنگدانەوەی زیاتری لێکەوتەوە، بووە هۆی ناساندنی زیاتری ئەم چەمکە لەلایەن گروپە ئیسلامییەکان و لە جیهانی ئیسلامیش بەهۆی لێکدانەوە و ڕوانگەکانی ئەوەوە بەگشتی. لەم باسەدا لە ڕوانگەی سەید قوتبەوە باس لە حاکمیەت دەکەین.

سەید قوتب بەم شێوەیە باس لە حاکمیەت دەکات" حاکمیەت واتە بەتاك زانینی خودا لە حوکم و تەشریع و دەسەڵاتدا، وەرگرتن و پەیڕەوکردنی تەشریع، پەیڕە و پرۆگرام، بەها و دابونەریتێك هەمووی بە تەنها لە خودا، جێبەجێکردنی شەریعەتەکەی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، بۆ هیچ کەسێ نیە لە درووستکراوەکانی خودا، یاسا دابڕێژێ لەبری شەرعی خودا" (عبدالواحد، 2004، صفحة 16). دەبینین کە سەید قوتب ووردتر باس لە حاکمیەت دەکات و گشتگیرتری دەکات بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی لە ڕوانگەی مەودودیدا هەیە.

پێیوایە کە حوکم تەنیا حوکمی خودایە و لەودا کورت بۆتەوە، حاکمیەت پەیوەستە بە یەکخواپەرستی ئولوهیەت (توحید الالولوهیە)، تەنانەت حاکمیەت بە یەکێك لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئولوهیەت دادەنرێ. ئەو وایدەبینێ هەروەك چۆن مرۆڤەکان داندەنێن بە حاکمیەتی خودا بۆ ئەم گەردوون و بونەوەرە، دەبێ بەهەمان شێوەش دابنێن بە حاکمیەتی خودا بەسەر ئیمانەکەیاندا، (لا إله الا الله) ئەو مانایە دەگەیێنێ کە حاکمیەت بۆ خودایە لە ژیانی مرۆڤەکاندا، وەك چۆن حاکمیەت بۆ خودایە لە سیستەمی گەردوون و بوونەوەردا. لەسەر ئەم بنەمایەش سەید قوتب باس لە دوو جۆر لە حاکمیەت دەکات (عبدالواحد، 2004، الصفحات 31-36)، ئەوانیش:

1. حاکمیەتی گەردوونی: ئەوەیان ئیرادەی خودایە بەسەر گەردوون و بوونەوەر، خۆی لە هێز و ویستی گشتیدا دەبینێتەوە کە هەموو بوونەوەر و ئەم گەردوونەی گرتۆتەوە.

2. حاکمیەتی ئیلاهی تەشریعی: ئەمەش ئیرادەی خودایە لە ڕووە دینییەکەوە، خۆی لە شەریعەت، عیبادات، ئەخلاق، پەیڕەو و پرۆگرام و بەهاکان دەبینێتەوە، کە بۆ بەندەکانی ناردووە، واجبە باوەڕیان پێی هەبێ و وەریبگرن و جێبەجێی بکەن لە ژیانیاندا.

دەبینین جۆری دووەمیان پەیوەستە بە ویست و ئیرادەی تاکەکان لە ژیانیاندا، هەرچی یەکەمیانە هەمووان دانی پێدا دەنێن و بەناچاریش بێت قبوڵیانە و یەکلایی بۆتەوە، بەڵام گفتوگۆ و ئارگیۆمێنتەکە لەسەر جۆری دووەمیانە. لەلایەکی ترەوە وەك چۆن حاکمیەت بەتایبەتمەندی ئولوهیەت دەزانێ، بەهەمان شێوەش پێی وایە کە تایبەتمەندییەکی گرنگی ربوبیەتە (توحید الربوبیة)، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی جیاوازییەکانیان دەڵێ: "کێشەی عەرەبەکان (شیرکی عەرەبەکان) لە ربوبیەتدا بوو، کە بابەتێکی بنچینەیی و گەورەیە لە عەقیدەدا، ئولوهیەت کێشەیەك نەبووە لای بێباوەڕان، بەڵکو ئەوان پێیان وابووە و باوەڕیان بە خودا هەبووە، ئەمە فیترەتی مرۆڤەکانە، بەڵام لە بەڕێوەبردنی کاروباری ژیانیان شیرکیان بۆ خودا بڕیاردابوو و هاوبەشیان بۆ دانابوو " (عبدالواحد، 2004، صفحة 39).

ڕوانگەی زانایانی پێشوو وەکو مانا و مدلول و ناوەڕۆك، دواتریش ڕوانگەی هەردوو بیرمەندان مەودودی و سەید قوتب، ئاماژە و داننانە بە حاکمیەت بۆ خودا و شەریعەتەکەی، بەوەی کە هیچ دەسەڵاتێك لەسەرووی دەسەڵاتی خودا نییە و هیچ یاسا و ڕێسایەك لە سەرووی شەریعەتەکەی ئەوەوە نیە، بەڵکو وەك چۆن خالق و دروستکەری گەردوون و بوونەوەرە، بەهەمان شێوەش شەریعەتەکەی لە سەروی هەموو شەریعەت و یاسای دانراوی مرۆڤەکانە.

لەگەڵ ئەوەشدا بنەما و ڕێسایەکی تر هەیە، کە بریتیە لە چەمکی دەسەڵات بۆ ئوممەت (السلطان للامة)، ئەمەش لەوەوە وەرگیراوە کە "شەرع ئەوەی دیاریکردووە

خەلیفە وحاکم لەلایەن ئوممەتەوە هەڵدەبژێردرێت و دیاریدەکرێت، ئەویش لە ڕێگای بەیعەتەوە، بە واتایەکی تر خەلیفە دەسەڵات وەردەگرێ بەهۆی بەیعەتەوە، لێرەشدا ملکەچی و گوێڕایەڵی واجب دەبێت لەسەر ئوممەت بەهۆی بەیعەت پێدانیەوە، ئەمەش هەبوون و پێدانی دەسەڵاتە بە ئوممەت" (الزلوم، 2002، الصفحات 41-43).

دوای ڕوونکردنەوەی حاکمیەت و ئەو ئاڕاستەیەش کە حاکمیەت بۆ خودا و شەریعەتەکەی دەگەڕێننەوە، بەڵام لەبەرامبەر ئەوەشدا ئاڕاستەیەکی تر هەیە کە حاکمیەت بۆ ئوممەت دەگەڕێنێتەوە و گەل بە خاوەن و سەرچاوەی سەروەری دادەنێ، بەوەی کە حاکم جگە لە جێبەجێکاری شەریعەت شتێکی تر نیە و ئوممەت خاوەنی سەروەری و سەرچاوەی دەسەڵاتە و ئاراستە جیاوازەکان دەخەنە ڕوو و ڕوونی دەکەنەوە و ڕەخنەی دەگرن (بڕوانە: مفتي والوكيل، 1991، الصفحات 22-28) و (د. محمد ضياءالدين الريس، صفحة 220)، ئاڕاستەی تریش هەیە کە ڕەتی ئەم چەمك و تێگەیشتنە دەکەنەوە لە بارەی حاکمیەتەوە (بڕوانە: عبدالواحد، 2004، الصفحات 133-160) و (شحرور، 2014، الصفحات 54-55)، بەوەی کە ئەم چەمکە نوێیە و لە قورئان و سوننەدا ئاماژەی پێنەکراوە و نییە.

یەکخواپەرستی ئولوهیەت لەلای سەید قوتب بەو مانایە دێت کە (لا إله الا الله) مانایەکی فراوان و گشتگیری هەیە و تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەروەك حاکمیەت بە یەکێك لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئولوهیەت هەژمار دەکات،ئەویش بە پەیڕەوکردنی تەشریع بۆ مرۆڤەکان و دانانی بە بنچینە و بنەمای ژیان و پەیوەندییەکانیان بەپێی ئەم تێگەیشتنە، بۆیە ئولوهیەت دانانە بەوەی کە خودا درووستکەر و ڕۆزیدەر و خاوەنی ژیان ومردن و بەڕێوەبەری ئەم گەردوونەیە (عبدالواحد، 2004، الصفحات 35-36).

هەروەکو پێشتر ئاماژەی پێکراوە، ووشە و چەمکی سەروەری نوێیە، بەڵام ڕەگوڕیشەی کۆنترە، بۆیە لەم باسەدا دەگەینە ئەو ئەنجامە و دەبینین بەکارهێنانی ئەو چەمکە وەکو پەرچەکردار و بەربەستێک بووە بۆ ڕێگری کردن لەو هێرشەی ڕووبەڕووی جیهانی ئیسلامی بۆتەوە، بەدیاریکراویش هێرشی هزری (الغزوا الفكري)، بەتایبەتی لە وڵاتانی تورکیا، هیندستان و میسر، ئەویش بەهۆی پێگە و ڕۆڵیان لە جیهانی ئیسلامیدا، لە تورکیا بەهۆی سەپاندن و لکاندنی بە کلتوری ڕۆژئاواوە، لە هیندستان بەهۆی هێرشی ڕاستەوخۆی ئینگلیز و لە وڵاتانی عەرەبیش بەهۆی هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی ڕۆژئاوا.

## 4. بەراوردکردنی چەمکی سەروەری لەنێوان هەردوو ڕوانگەدا

دوای ناساندن و ڕوونکردنەوەی چەمکی سەروەری لە دید و تێڕوانینی هزری سیاسی ڕۆژئاوا و هزری سیاسی ئیسلامیدا، بۆمان دەردەکەوێ کە جیاوازییەکی ئاشکرا و ڕیشەیی هەیە لە نێوانیان، ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخ و واقیعەی کە ئەوروپا و جیهانی ئیسلامی پێیدا تێپەڕیوە، لە یەکەمیاندا بە هۆی ململانێی پیاوانی ئایینی و ئیمپراتۆرەکان، و دواتریش پاشا و میرەکان و سەرهەڵدان و درووستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی. لە دووەمیشیاندا بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسییەی هاتە ئاراوە دوای ڕوخانی خیلافەتی عوسمانی، جگە لە لایەنی کاریگەری ئایین لەسەر ئەم چەمکە، کە ڕەگوڕیشەی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە و ناکرێ فەرامۆش بکرێ. بۆ ئەم مەبەستەش، لە خوارەوە لە چەند خاڵێکدا جیاوازییەکان دەخەینە ڕوو و بەراوردیان دەکەین:

یەکەم: سەروەری لە ڕوانگەی هزری سیاسی ڕۆژئاوادا، بەگشتی ئیرادەی گەل باڵایە و لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە، لە کاروباری سیاسەت و حوکمڕانی و یاسادانان، سنووردار ناکرێ. بۆیە لێرەدا سەرچاوەی سەروەری ئیرادەی گشتی گەلە. بەڵام لە هزری سیاسی ئیسلامیدا، سەرچاوەی حاکمیەت خودی عەقیدەکەیە، شەریعەتەکەش باڵایە و لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە سنووردارکراوە بە قورئان و سوننە (الفتوح، 1977، صفحة 66) (العجلان، 2012، صفحة 27).

بۆیە حاکمیەت لە هزر و شەریعەتی ئیسلامیدا پەیوەستە بە خودی دینەکە و پەیوەندی توندوتۆڵی هەیە لەگەڵ یەکخواپەرستی، بەمەش پێگەیەکی گرنگی هەیە. بەڵام هەرچی سەروەرییە لە هزری سیاسی ڕۆژئاوا، بەشێوەیەکی گشتی پەیوەستە بە ویست و ئارەزوو و ئیرادەی تاکەکان.

دووەم: لە ڕوانگەی ڕۆژئاوادا بۆ سەروەری، دەسەڵاتی گەل دەسەڵاتێکی ڕەهایە و سنووردار و کۆت و بەند ناکرێ، بەڵام لە حاکمیەتی ئیسلامیدا، دەسەڵاتی گەل لە چوارچێوەی بنەماکان و ئەحکامەکانی خودی دینەکەیە، چونکە شەرع دەسەڵاتی ئوممەتی دیاریکردووە، ئەویش لە دیاریکردنی خەلیفەدا خۆی دەبینێتەوە لە ڕێگای بەیعەتەوە و ئوممەت بڕیار دەدات کە بیکەن بە حاکم، بۆ نموونە خەلیفەکانی راشیدین لەلایەن ئوممەتەوە بەیعەتیان لێ وەرگیراوە، نەبوون بە خەلیفە تەنیا لەڕێی ئەوانەوە نەبێ، ئینجا گوێڕایەڵی بەدوادادێ و واجب دەبێ (الزلوم، 2002، الصفحات 41-43) (الفتوح، 1977، الصفحات 131-137).

ئوممەت لە دەوڵەتی ئیسلامیدا سەرچاوەی حاکمیەت نیە بەڵکو سەرچاوەکەی بۆ شەرع دەگەڕێتەوە، بۆیە سەروەری بۆ تاکەکان ناگەڕێتەوە بەڵکو تەنیا یاسا و ڕێسای شەریعەتەکەی خودا جێبەجێدەکەن، لەبەرئەوەش ئوممەت خاوەنی دەسەڵاتن و چاودێرن بەسەر حاکم و فەرمانڕەواکان دوای دیاریکردنیان لەڕێگای بەیعەتەوە.

سێیەم: لە هزری سیاسی ئیسلامیدا کاتێك کە حاکمیەت بۆ شەرعە و دەگەڕێتەوە بۆ خودا، هیچ یاسایەکیش لەو بەرزتر نیە، لێرەدا سەرچاوەی تەشریع ویاسادانان بریتیە لە خودی دینەکە و خۆی لە قورئان و سوننەدا دەبینێتەوە، کە یاسا و ڕێسای گشتگیرن بۆ هەموو کاروبارەکانی ژیانی مرۆڤ، هەموو ئەو بنەمایانەش ڕوونکراونەتەوە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا و دامەزراندنی دەوڵەت دیاریکراون (الصاوي، صفحة 73) (المودودي، 2005، الصفحات 99-103).

هەرچی لە سیستەمی دیموکراسی و ڕوانگەی ڕۆژئاوایە بۆ سەروەری، ئەوا میللەت خاوەنی تەشریع و یاسادانانە، جگە لەوەی کە دین پەراوێز دەخرێ و جیاکراوەتەوە لە دەوڵەت (لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و کۆمەڵگا)، کە قۆناغێك و بارودۆخێك بوو ڕۆژئاوا پێیدا تێپەڕی بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتی پاپا و کەنیسە و سنووردارکردنیان، کە ئەمەش بە پێچەوانەی بنەماکانی دەوڵەتی ئیسلامییە.

چوارەم: سەرباری جیاوازی تیۆرەکانی سەروەری لە هزری سیاسی ڕۆژئاوا و ڕاجیاییان لەبارەی ئەو لایەنەی کە خاوەنیەتی، بەڵام لە هەموویاندا تایبەتمەندی لەیەکچوو هەیە، سەروەری تایبەتمەندییەکی دیاری دەوڵەتە، لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە کە دەسەڵاتی باڵایە لە دەوڵەتدا و دەسەڵاتێکی ڕەهایە (خير، 2018).

لە حاکمیەتی ئیسلامیشدا بە هەمان شێوە دەسەڵاتی باڵایە، بەومانایەی لە هەردووکیاندا ئەو تایبەتمەندییەی هەیە کە دەسەڵاتی ڕەها و باڵان، بەڵام لەهەریەکەیاندا بەپێی ناوەڕۆك و تایبەتمەندی و ئەو مەدلولاتانەی کە پێی دەناسرێتەوە، مانای جیاواز دەبەخشن.

پێنجەم: لە ڕوانگەی چەسپاوی و گۆڕانکاریدا، ئەو بنەما و ڕێسایانەی کە سەروەری لە هزری ڕۆژئاوا بڕیاری لەسەر دراوە قابیلی گۆڕانکاری و گۆڕانن، بەڵام

هەرچی لە هزری ئیسلامیە ئەوا نەگۆڕ و جێگیرن، ئەمەش خۆی لەچەند ڕێسا و ئەحکامێکی جێگیردا دەبینێتەوە (وەحی ئەوەی بڕاندۆتەوە) (الصاوي، صفحة 69).

شەشەم: ئەوەی پەیوەستە بە دینەوە و پەیوەندی پێیەوە هەیە، لە ڕوانگەی ڕۆژئاوادا بۆ سەروەری هیچ ڕۆڵێکی نیە و کەنار خراوە لە ڕووی ئاراستە و یاساوە، بەڵکو لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دینە لە دەوڵەت و کراوەتە مافی گەل. بەڵام هەرچی سەروەری ئیسلامییە، پەیوەندیەکی توندوتۆڵی لەگەڵ دیندا هەیە، بەڵکو ڕەگوڕیشەی بۆ دینەکە دەگەڕێتەوە، لێرەدا دین پەراوێز ناخرێ لە ژیان و کاروبارەکانی دەوڵەت، سەروەری بۆ خودی شەریعەکەیە، چونکە ئیمامەت و خیلافەت لە ئیسلامدا بە مانای پارێزگاری کردن لە دین و بەڕێوەبردنی کاروباری دونیاییە (الصاوي، الصفحات 70-71).

حەفتەم: لە ڕووی مافی یاسادانانەوە، لەژێر سێبەری سەروەری گەلدا ئەوە مافی گەلە و سنووردار ناکرێ، ئەوەی کە گەل بە باشی دەزانێ باشە و بە پێچەوانەشەوە ڕاستە، تەنانەت ئەگەر پێچەوانەی هەموو دین و تەشریعاتێك بێت. بەڵام لە حاکمیەتی ئیسلامیدا هیچ کەس و دەزگایەك مافی دەسەڵاتی یاسادانانی نیە، تەشریع تەنیا بۆ خودایە (الصاوي، الصفحات 71-72). بەو مانایەی کە پێوەر و بنەمای یاسادانان لە سەروەری گەلدا، ویست و حەز وئارەزووی تاکەکانە، بەڵام لە حاکمیەتی ئیسلامیدا پێوەرەکە تەنیا شەریعەتە.

## 5. دەرئەنجامەکان

1. چەمکی سەروەری بە چەمکێکی گرنگ و کاریگەر دادەنرێ لە هزری سیاسیدا و بۆتە جێگەی بایەخ و گرنگیدانی زۆرینەی بیرمەندان، لەگەڵ ئەوەشدا بەچەند قۆناغێك تێپەڕیوە و ئارگیۆمێنت و گفتوگۆکان لەسەر ئەوە بوون کە ئایا دەسەڵاتەکان بۆ کێن و کێ (کێن ئەوانەی) خاوەنی سەروەری و دەسەڵاتی شەرعییە. ئایا بۆ دەوڵەت یان بۆ تاکە، بۆ دەوڵەتە یان بۆ ئایینە، بۆ یاسایە یان بۆ گەلە، ئەمانەش لەلایەن بیرمەندانەوە پشتگیرییان لێکراوە، ئەمەش بەهۆی ئەو بارودۆخ و واقیعەی کە بیرمەندان تێیدا ژیاون و پێیدا تێپەڕیون، بۆ هەردوو ڕوانگەی ڕۆژئاوایی و ئیسلامیش ڕاستە.
2. بیرمەندان و زانایانی ئیسلامی پێشوو، بە پشت بەستن بە دینەکەیان باسیان لە خیلافەت و دەسەڵات کردووە، بەڵام وەکو چەمك و ووشە باسی حاکمیەتیان نەکردووە، بەڵکو چەند ووشەیەکی نزیك لەوەیان بەکارهێناوە دەتوانرێ بگوترێ لە ناوەڕۆك ومانادا هەمان شتن.
3. لە هەردوو ڕوانگەدا، سەروەری و حاکمیەت، مانای دەسەڵاتی باڵا دەگەیێنێ کە لە سەرووی هەموو دەسەڵاتێکەوەیە، لە هەردووکیاندا ئەو تایبەتمەندییە هەیە، بەڵام جیاوازی و تێڕوانینیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکەی، کە خۆی لە دین و واقیع و ئەو بارودۆخەی کە چەمکەکە تێیدا سەریهەڵداوە.
4. لە ڕوانگەی ئیسلامەوە سەروەری بۆ خودایە و پیادەکردنی دەسەڵات بۆ ئوممەتە، کە خۆی لە دیاریکردنی خەلیفەدا دەبینێتەوە لە ڕێگای بەیعەتەوە و چاودێرە بەسەر دەسەڵات، ئەوەی کە ناکۆکە لەگەڵ سەروەری لە ڕوانگەی هزری سیاسی ڕۆژئاوا، دانانی یاسا و تەشریعە، کە لە ڕوانگەی ئیسلامدا لە قورئان و سوننەدا کورتدەکرێتەوە، بەڵام لە ڕوانگەی ڕۆژئاواییدا تاکەکەسێک (یا گەل) سەرچاوەی یاسادانانە و خۆی خاوەنیەتی.
5. لە هزری ئیسلامیدا زۆرجار تێکەڵیەك دەکرێت لە نێوان چەمکی سەروەری و چەمکی دەسەڵات، بەوپێیەی کە سەروەری بۆ شەریعەتەکەیە، بەڵام هەندێکی تر وایدەبینن کە بۆ ئوممەتە، بە مانای ئەوەی کە پیادەکردنی دەسەڵات بۆ خەڵك و ئوممەتە نەك یاساو داڕشتنی، جگە لەوەی کە گروپێکی تریان ڕەخنەی ئەم چەمکە دەکەن و پێیان وایە کە لە ئیسلامدا بوونی نیە.

## 6. سەرچاوەکان


یەکەم: سەرچاوە کوردی:

- أبو الأعلى المودودي، یاسای ئیسلامی - نووسینەوەی دەستووری ئیسلامی - کورتەی داڕشتنی پڕۆژەی دەستووری ئیسلامی، نوسینگەی تەفسیر، 2005.

دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:

کتێب:

- د. ابو المعاطي ابو الفتوح، حتمية الحل الاسلامي – تأملات في النظام السياسي، مطبعة الجبلاوى، القاهرة، د.ت.
- د. بسام عطية اسماعيل عماد، الفكر السياسي عند ابن تيمية، دار الفاروق للنشر والتوزيع، عمان، 2007.
- جورج سباين، تطور الفكر السياسي، الكتاب الثالث، ترجمة د. راشد البراوي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، 2010.
- سالم القمودي، قيام الحكم الإسلامي من الحق المجرد الى الإلزام الديمقراطي، بيسان للنشر والتوزيع والإعلام، بيروت، 2011.
- د. صلاح الصاوي، نظرية السيادة وأثرها على شرعية الانظمة الوضعية، د.ت.
- د. عبدالغني عماد، حاكمية الله وسلطان الفقيه قراءة في خطاب الحركات الاسلامية المعاصرة، بيروت، 2005.
- عبدالقديم الزلوم، نظام الحكم في الاسلام، من منشورات حزب التحرير، ط 1، 2002.
- عبدالهادى عباس، السيادة، دار الحصاد للنشر والتوزيع، دمشق، د.ت.
- د. فايز صالح ابو جابر، الفكر السياسي الحديث، دار الجيل، بيروت، 1985.
- د. فتحي عبدالكريم، الدولة والسيادة في الفقه الاسلامي دراسة مقارنة، مكتبة وهبة، القاهرة، د.ت.
- د. محمد أحمد مفتي و د. سامي صالح الوكيل، السيادة وثبات الاحكام في النظرية السياسية الإسلامية، جامعة ام القرى، 1991.
- محمد شحرور، الدولة والسلطة قراءة معاصرة للحاكمية، دار الساقي، بيروت، 2014.
- محمد ضياءالدين الريس، النظريات السياسية الاسلامية، دار التراث، ط 7، القاهرة، د.ت.
- د. محمد فتحي الشنيطي، نماذج من الفلسفة السياسية، مكتبة القاهرة الحديثة، 1961.
- د. موسى ابراهيم، الفكر السياسي الحديث والمعاصر، مؤسسة عزالدين للطباعة

والنشر، بيروت، 1994.

• د. محدي محفوظ، اتجاهات الفكر السياسي في العصر الحديث، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، 2007.

نامەی ماستەر:

• عبدالحميد عمر عبدالحميد عبدالواحد، الحاكمية فى ظلال القرآن الكريم، رسالة ماجستير غير منشورة (كلية الدراسات العليا في جامعة النجاح الوطنية، نابلس، فلسطين) 2004.

گۆڤار و سایتی ئەلیکترۆنی:

• فهد بن صالح العجلان، سؤال السيادة في الفكر السياسي الاسلامي المعاصر، مجلة البيان، العدد 303، السنة السابعة والعشرون، 2012.

• د. صبرى محمد خليل، مفهوم السيادة في الفكر السياسي المقارن، وەرگیراوە لە سایتی:
https://drsabrikhalil.wordpress.com/2012/02/21/%D9%85%D9%81%D9%87%D9%88%D9%85-%D8%A7%D9%84%D8%B3%D9%8A%D8%A7%D8%AF%D8%A9-%D9%81%D9%89-%D8%A7%D9%84%D9%81%D9%83%D8%B1-%D8%A7%D9%84%D8%B3%D9%8A%D8%A7%D8%B3%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%82%D8%A7%D8%B1/
بەرواری سەردانیكردن 19-9-2018

• بسطامي محمد سعيد خير، نظريات الحاكمية في الفكر الاسلامي، وەرگیراوە لە سایتی: https://www.sudaress.com/sudansite/229
بەرواری سەردانیكردن 16-9-2018

• زياد بن عابد المشوخي، السيادة مفهومها ونشأتها ومظاهرها، وەرگیراوە لە سایتی: http://www.saaid.net/bahoth/100.htm
بەرواری سەردانیكردن 16-9-2018

سەرچاوە ئینگلیزییەكان:

• George H Sabine, A History of Political Theory, 4th Edition, Oxford & IBH Publishing Co., New Delhi, 1973.

• Niyazi Berkes, the Development of Secularism in Turkey, Portledge, New York, 1998.

• Urmila Sharma & S.K. Sharma, Principles and Theory of Political Science, Atlantic Publishing and Distributers, New Delhi, Vol. 1, 2007.

**ملخص البحث**

أبان ظهور مصطلح ومفهوم السيادة في الفكر السياسي الغربي، اختلفت الآراء والأفكار حولها وحول مصادرها، وانتقلت الإشكالية الى الفكر السياسي الإسلامي أيضا بسبب مكانة وأهمية الموضوع في هذين المنظرين السياسيين. حاول البحث لبيان وإظهار آراء المختلفة من خلال التطور التاريخي للمصطلح، وذلك بسبب نشوء الصراع الفكري بين الملوك ورجال الدين بغية الوصول إلى الحل المناسب والنهائي للإشكالية. أما الحاكمية، فهي مفهوم مختلف جدا مع مفهوم السيادة في الفكر الغربي، حيث أن أصول الحاكمية وأركانها ترجع إلى الأحكام الشرعية مع تحديد مكانة الفرد ووظيفته من هذا النظام الذي يبنى عليه. على رغم حداثة ظهور مفهوم الحاكمية واستخداماتها، إلا إن تاريخ وأصول المصطلح يرجع الى زمن بعيد، من هنا يحاول البحث المقارنة بين المنظورين لمفهوم السيادة.

الكلمات المفتاحية: السيادة، الحاكمية، مصدر السيادة، الفكر السياسي الغربي، الفكر السياسي الإسلامي.

**Abstract**

With the rise and emergence of the concept of sovereignty in western political thought, there are many arguments and difference tendency about it, particularly in its source, even sometimes in the Islamic political thought have the same view, because of its position in both perspectives, which has become the significance to the thinkers, scholars had a lot of controversies about it. In this study, try to explain and clarify different theories and perspectives according to the historical progress of the concept due to the conflicts that dominated the western political Thought, which embodied in the solution of the conflict between kings and religious men. In contrast, sovereignty in Islam, usually, is completely different term if compared to western political thought, which its foundation and return to the texts of Shariah Rules, with the definite of the role and position of the individual in the system which found on this base. In terms of the history of the use and rise of sovereignty (Hakimiyyah), the term is of relatively recent origin, but its meaning and roots can be traced back to much earlier times, as well as, the concept of sovereignty being sought to compare through two different perspectives.

Key words: Sovereignty, Al-Hakimiyyah, The Source of Sovereignty, Western Political Thought, Islamic Political Thought.